وتار



سیروان ڕەحیم

# پیاوەکە بۆی دەرچوو
# بەفیلمکردنی کۆڵتەدان لە باڵاترین ئاستی جوانیدا

خەڵاتی باشترین دەرهێنان لە فێستیڤاڵی کان ساڵی ١٩٥٧

ناوی فیلم: پیاوەکە بۆی دەرچوو

ناوی ئۆرژینال:

Un condamné à mort s'est échappé ou Le vent souffle où il veut




نووسین و دەرهێنان: ڕۆبێرت برێسۆن

بەرهەمهێنەر: ئالان پۆیر، ژان تولیر

شوێنی وێنەگرتن: فەڕەنسا، ١٩٥٦

٩٩ خولەک، ڕەش و سپی

زمان: فەڕەنسایی



پیاوەکە بۆی دەرچوو یان "با بەرەو ئەو شوێنە هەڵدەکا ئارەزووی لێیە" بەسەرهاتێکی راستەقینەیە و پاشان دەبێت بە فیلمێکی سینەمایی، فیلمێک بۆ هەمیشە لە یادەوەریی سینەمادا بە رۆشنی دەمێنێتەوە. فیلمێک بەردەوام بۆ فێرخوازانی وێنە و عەودالانی دیمەنی نایاب دەبێت بە چاوگی روون و بەهرە لێ وەرگرتن. فیلمێک ساڵی ١٩٥٧ لە فێستیڤاڵی کان پێشکێش دەکرێت، لەو فێستیڤاڵەدا یەکێک دەبێت لەو فیلمانەی بەشداری پێشبڕکێ دەکات و خەڵاتی باشترین دەرهێنان دەباتەوە.

ئەگەر ئێمە عەودالی سینەما بین ئەوا، "پیاوەکە بۆی دەرچوو" فیلمێکە ئێستایش دەبێ بچینەوە لای و تەماشای بکەین و چێژ لە بەرجەستەکردنی کۆڵنەدان وەربگرین.

فیلمەکە لە بەسەرهاتی "ئەندرێ دێڤاینی"یەوە وەرگیراوە. ناوبراو لە ساڵی ١٩٤٣دا، واتە لە رۆژگاری شەڕی دووەمی جیهانگردا زیندانی دەبێت، لە کوێ؟ لە کن نازییەکان. پاڵەوانی فیلمەکە بە تاوانی ئەندامێتی رێکخراوی بەرگریی فەڕەنسا دەستگیر دەکرێت. سەرەتای فیلمەکە بینەر لەوە حاڵی دەبێت ئەو زیندانەی پاڵەوانی فیلمەکەی بۆ دەبن لە کۆی دە هەزار گیراو تێیدا حەفت هەزاریان لە رەوشی سەخت و پڕ کۆژانی ئەو زیندانەدا ژیانیان لە دەست داوە. "فۆنتەین" پاڵەوانی فیلمەکە بە رێگەوە بەرەو زیندان هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ دەربازبوون دەدات، بەڵام زوو دەستگیر دەکرێتەوە. پاشان کەلەپچە دەکرێت و ئازار دەدرێت، هەموو سەروچاوی خوێناوی دەکرێت و لە ژوورێکی زیندانندا تەرم ئاسا خۆی دەبینێتەوە. ژوورێکی زۆر بچووکی سەرەوەی زیندانێک کە ئیتر دەبێت بە شوێنی وێنە و دیمەنی زۆربەی کارەکە تا نزیکەی کۆتاییی فیلمەکە. ئەو تەنیا لە رۆژدا جارێک دەهێندرێتە دەرەوە بۆ ڤاڵاکردنی قوتووی میز و لەو دەرفەتەدا دەتوانێ قسە لەگەڵ گیراوانی تردا بکات، بەڵام چۆن قسەکردنێک زۆر خێرا، پڕ ترس و شڵەژان.

رۆژانە کەمە شۆربایەک بە زیندانییەکان دەدرێت، "فۆنتەین" پاش ئەوەی رۆژێک کەوچکەکە ناگەڕێنێتەوە و پاسەوانەکەیش هەستی پێ ناکات، لەو کەوچکە شتێکی وەکو چەقۆ دروست دەکات، پاش چەندین هەفتە لە هەوڵدان و تاقیکردنەوە دەتوانێ دەرگەی ژوورەکەی خۆی کە لە دار دروست کراوە و شێوەی خانە خانەی هەس، پێ بکاتەوە. پاش ئەوەی نیوە شەوێک دەچێتە دەرەوەی ژوورەکەی وەکو خۆی دەڵێ:

"ئەو شەوە هەستم دەکرد جارێکی تر لە دایک دەبمەوە" هەستێکی سەرسامکەرە. پاشان ئەم چوونە دەرەوەیە شەوانە بەردەوام دەبێت تا هەموو بینای زیندانەکە شارەزا دەبێت و پلانی تۆکمە بۆ راکردن دادەڕێژێت. پاش ئەوەی پلانەکە لە بیری خۆیدا یەککالا دەکاتەوە،

سـەرجـەم پلانەکـە دەنووسـێت و دەیدات بـە هـاوزیندانیـیـەکی تا سـوودی لێ وەربگرن. بۆ "فۆنتەین" گوریس پێویستە تا بە دیوارەکاندا سەرکەوێت، بۆ ئەو مەبەستە تەلی ژێر تەختی نووسـتنەکـەی هـەمـوو دەردەهێنێ و پەتوی ژوورەکـەی پارچە پـارچە دەکات و تێی دەئاڵێنێ، بەو جـۆرە بۆ دابەزین و سـەرکەوتن بـە دیوارەکانـی زیندانەکـەدا گوریس دروست دەکـات، گوریسـێکی زۆر کـە ناوەکـەی تەلی بە هێزە. دیارە بـەردەوام هـاوڕێکانـی ئاگەدار دەکاتەوە، بەڵام هـاوڕێکانی لـە بری هـاندانی پێی دەڵێن سـەرکـەوتوو نابیت و دیوارەکـان لەوە بەرزترن تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. "فۆنتـەین" ورەی ناڕووخێت و سووره لەسـەر هـەوڵدانی خۆی، چونکە ئەو پێی وایە مانەوە واتە مردن و دەڵێت:

"هەموو دەزانین نازییەکان بڕیاری کوشتنی ئێمەیان داوە".

راسـتـییـەکـەیشـی هـەر وەهـا دەبێت و لە ئەنجـامدا بڕیاری لە سـێدارەدان بە "فۆنتـەین" رادەگەیەنن. بۆیە ئەو سوورتر دەبێت لەسەر دەرچوون و ئەمجارە دەبێ پەلەیش بکات. بەر لە دەرچوون کـوڕێکی لاوی ١٦ سـاڵە دێننە ژوورەکەی، ئەمـە بۆ "فۆنتـەین" دەبێت بە مـایەی خەمێکی گەورە و زۆر بیری لێ دەکاتەوە تـا بە شێوەیـەکی گونجاو هـەڵسوکەوت لـەگەڵ ئەو رەوشە چاوەڕوان نەکراوەدا بکات .

"فـۆنتـەین" دڵنیـا نییە ئەم لاوە چییە، بەڵام بڕیـار دەدات دەبێ یان بیکوژێ یاخـۆ پلانی خـۆی بۆ ئاشکرا بکـات و لەگەڵ خـۆی بیبـات. پاش ئەوەی لاوەکە دڵی خـۆی بۆ دەکاتەوە و خـواستـی ئـازادی خـۆی بۆ "فـۆنتـەین" ئاشـکرا دەکـات، "فـۆنتـەین"یش پلانەکـەی خـۆی بۆ دەدرکێنێ و بڕیار دەدات لەگەڵ خۆی بیبـات.

کـاتی دەرچوون نیـوەشـەوێکە و بە ڕاڕەوی زیندانەکەدا بەرەو سـەربان بۆی دەردەچن. بە هەموو کـەرەستـەکانەوە کە "فۆنتەین" ماوەیەکی زۆر بوو سەرقـاڵی دروستکردن و بێگومان هـاوکات شاردنەوەیان بوو لە ژوورەکەی خۆیدا. بەڵام کـاتێک دەگـەنە سەربانی زیندانەکە و تەمـاشـای خـوارێ دەکـەن، دەبینن لە شـوێنێکدا پاسـەوانێک هەیە و تاکـە شـوێنی خـۆ دەربازکردنیشـە. "فۆنتـەین" دۆش دادەمێنێت، تاکە شـوێنە لە پلانەکەیدا هیچ ئامادەکاریی بۆ نەکـراوە و ناچاریشن بـەوێدا بڕۆن. تا کـاژێری چواری بەرەبەیـان مـۆڵەتیـان هـەیە، ئەو دەمـەی "فـۆنتـەین" بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە لە بیرکردنەوەی قـووڵدایە ، زەنگی کـەنیسـەکە ئاگەداری دەکاتەوە. کات بەرەو تەواو بوون دەچێت.

"فـۆنتـەین" ناچارە بـۆ کـابرای پاسـەوان بێـتـە خـوارەوە، بۆیە چاوەڕێ دەکـات تا کـابرا وەڕس دەبێ، پاش ئـەوەی بە لاوەکـە دەڵێ پێـویسـتـە چ بکـات، بۆ پاسـەوانەکـە دادەبەزێ،

پەلاماری دەدات و دەیکوژێت. لاوەکە دێتە خوارێ، بەڵام پێڵاوەکان کە پێشتر ناچار بوون لەبەر دەنگی پێیان دای بکەنن، لە بیر دەکات، "فۆنتەین" دەڵێ: شوێن و کاتی ئەوە نەبوو رەخنەی لێ بگرم. پاشان بەسەر هەموو دیوارەکانی تردا دەپەڕێنەوە، تا بە تەواوی لەو بەرەبەیانە پڕ تەمومژەدا بۆی دەردەچن.

لەم فیلمەدا شتگەلێکی یەکجار سەرنجڕاکێش هەن، تەمەنی ئەم بەرهەمە لە ئێستادا پەنجا ساڵ زێدەترە و هێشتا بەرهەمێکە لە هەرەتی بزاڤی خۆیدا. پەنجا ساڵ لەمەبەوبەر بەرهەم هێندراوە، بەڵام ئێستایش بینەر بە خۆشەویستی و بە حەزێکی تایبەتەوە تەماشای دەکات. تەمەنی فیلمەکە ئەوەندەیە و کەچی ئێستایش نموونەی باڵایە بۆ ئەوەی بینەر و فیلمسازان شتی لێوە فێربن. نموونەیەکی تری زیندوویێتی ئەم بەرهەمە ئەوەیە، فیلمەکە رەش و سپییە، کەچی لە دنیای رەنگاوڕەنگی ئەمڕۆی تەکنیکدا ئەم فیلمە ئەستێرەیەکی گەش و پڕ پڕشنگە. رەش و سپییە، بەڵام بە جۆرێکی رەنگین دەچێتە گیان و رامانی بینەرەوە. سەرباری ئەمانەیش ئەم فیلمە کە لە سەدا نەوەدی شوێنی وێنەگرتنەکەی «لۆکەیشن» ژوورێکە و زمانی سەرجەم فیلمەکەیش بێ دیالۆگە و تەنیا گێڕانەوەیە، بەڵام بینەر بە جۆرێک بە دووی خۆیدا دەبات، رەنگبێ کەم فیلمی مێژووی سینەما بەو جۆرە بینەر بخەنە داوی جوانی و ئەفسوونی هونەرەوە. پێدەچێ کەم فیلمی سینەما هەبن ئاوا سادە بن و بەو چەشنە بینەر رابگرن و چێژی پێ ببەخشن.

فیلمی پیاوەکە بۆی دەرچوو یان "با بەرەو ئەو شوێنە هەڵدەکا ئارەزووی لێیە"، بەرهەمێکی بە رواڵەت سادەیە، بەڵام کاتێک لێی وردبینەوە و لەگەڵیدا بژین تێ دەگەین فیلمێکە گەورە و بەرهەمێکە بۆ هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. فیلمێکە هەرگیز جوانی و گەشی خۆی لە دەست نادات.

ئەم فیلمە لەو بەرهەمگەلەی سینەمایە بەردەوام ئەفسوون لە هەناویاندا دەبزوێ.

تۆمارکردنی هەناسەیەکی پاکی دیرۆکی سینەمایە. بەرجەستەکردنی بەسەرهاتی کۆڵنەدانە، بەڵام لە باڵاترین ئاستی جوانیدا.

١٥ / ١١ / ٢٠٠٩